
سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# 2
سالی یەکەم بەهاری-٢٠٢١

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزرییە

ئەم بلاوکراوەیە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی ڕونبیری خۆبەخش سازکراوە کە هەموو مانگی جارێک بەشێوەی (pdf) ژمارەیەک دەخاتە بەر بینایی خوێنەران.



### گەشەپێدان
- نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای کوردی
- ڕەفتاری نەشیاوی تاک لە سۆشیالْ میدیا و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگا
- بیرکردنەوەی هەڵە بۆ ژیان
- کارەکتەرە تۆقێنەرەکانی ئیسلام و گەوجاندنی پەیڕەوان

### ئەدەب-شیعر
- بێداری
- زمانی دووەم

### ئەدەب-لێکۆڵینەوە
- خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (تاکسی)

### ئەدەب-گێڕانەوە
- پەنجە
- من ئاسوودە نیم، من نیشتیمانم نییە
- ڕێسای 99

### ئەدەب-پەخشان
- دەنووسم
- ئەم شەو لە پەیامێکدا بۆ مانگم نووسی



فایلێکی تایبەت بە
نووسەر و چیرۆکنووس
سابیر ڕەشید

سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی


## خاوەن ئیمتیاز:

دێرین کەمال چاوشین

## سەرنووسەر:

ئەحمەد زرار

## بەڕێوەبەری نووسین:

ئەحمەد ستار

## بەشی هونەری و دیزاین:

سەرخێڵ عومەر

موئمین قدووس


## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

دێرین کەمال چاوشین

ئەحمەد زرار

ئەحمەد ستار

موحەممەد مەجید

موحەممەد فەڕحان

بێستوون شاکر

سەهەند ناڵی

نەهرۆ جەرجیس

لەمیا فاریق

هێمن زەندی

هیوا پشتیوان

سەلیم عوسمان


گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر

دەتوانن لەڕێی ئەم ئیمێڵەوە بابەتەکانتان ئاڕاستەی گۆڤارەکەمان بکەن

sakoyhzr@gmail.com

# پێرست

## پێڕست

### لە بری سەروتار/

### گەشەپێدان/

- نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای کوردی / موحەممەد مەجید

- ڕەفتاری نەشیاوی تاک لە سۆشیاڵ میدیا و  کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگا / ئەحمەد ستار

- بیرکردنەوەی هەڵە بۆ ژیان / بێستوون شاکر

- کارەکتەرە تۆقێنەرەکانی ئیسلام و گەوجاندنی پەیڕەوان / دێرین کەمال چاوشین

### ئەدەب-شیعر/

- بێداری / ئەحمەد زرار
- زمانی دووەم / نەهرۆ جەرجیس

### ئەدەب-لێکۆڵینەوە/

- خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (تاکسی) / سەهەند ناڵی

مەلەفێکی تایبەت بە نووسەر و چیرۆکنووس سابیر ڕەشید
- ژیانامەی سابیر ڕەشید

- چاپکراوەکانی نووسەر

- چەند کورتە چیرۆکێک لە چیروکەکانی سابیر ڕەشید

- لێکۆڵینەوەیەک لە کورتە چیرۆکی ئاوێنەکانی سابیر ڕەشید

### ئەدەب-گێڕانەوە/

- پەنجە / هێمن زەندی
- من ئاسوودە نیم، من نیشتیمانم نییە / هیوا پشتیوان
- ڕێسای ٩٩  /  د.موحەمەد فەتحی و: موحەممەد فەڕحان.

### ئەدەب-پەخشان/

- دەنووسم / سەلیم عوسمان
- ئەم شەو لە پەیامێکدا بۆ مانگم نووسی / لەمیا فاریق

# لەبری سەروتار



## له بری سەروتار

جێی باسه، قەڵەمی مێژوو له خزمەتی هەموو ڕووداوەکانه. ئێمه گەر بڕیاره مرۆڤ بین، با مرۆڤدۆست بین، گەر مرۆڤدۆستیش نین، با هەر مرۆڤ نەبین .سا لەژێر ڕۆشنایی ئەو بیر و باوەڕە، هەستان به کاری چاکه و چاکەخوازی، له هەموو ئاین و فیکر و فەلسەفەیەکدا پیرۆزە، لەوانەیه چاکه لای هەر کەسێک پێناسەیەکی هەبێت، بەڵام گەورەترین پێناسه بۆ چاکه (مرۆڤایەتیه)، ئێمه بۆ بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی له کۆمەڵگای کوردی و پەروەردە و بنیادنانی تاک لەسەر بەها جوانەکان، هاوکات پاراستنی ئەدەب و زمانی شیرینمان، سەکۆیەکمان خستۆته خزمەت هزری ئێوە، سەکۆی هزر به تەواوی پێناسی خۆی دەکا، جێی باسه لەم ژمارەیە، که ژمارە دووی گۆڤارەکەمانه بەرەوپێشچوونمان بەخۆوە دیوە لەڕووی چۆنایەتی، کارکردن، له دیزاین و ڕەنگ و وێنەکان، تاوەکو زیاد کردنی ژیاننامەی نوسەر و کەسایەتیه گرنگەکانی کۆمەڵگاکەمان، ئامانجمان له ناساندنی ئەو نووسەرانەش ئاشنابوونی نووسەر و خوێنەرە بەیەکەوە، هیواداریین سەکۆی هزر ببێته ئەرشیفێکی گەورە بۆ تەواوی نووسەران، لێرەدا هەموو کاتێک تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە که سەکۆی هزر سەکۆیەکە بۆ خزمەتی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هیواداریین له هەر کەم و کوڕیەکی سەکۆی هزر چاوپۆشی بکەن و بیکەنه سەرنج و تێبینی و ئاڕاستەمانی بکەن.

**دێرین کەمال چاوشین**

# گەشەپێدان



## نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای کوردی

وشەی نەخۆشی لە واتاکەی بگەین دەزانین چ دەگوزەرێ، من باسی نەخۆشی جەستەیی و فکری ناکەم لە چوار چێوەی زانستی پزیشکی دا. بەڵکو باسی "نەخۆشی کۆمەڵگایی" دەکەم کە بۆتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم دەرگای بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای کوردی. هەمووان ئەوە دەزانین لە ئێستادا کۆمەڵگای کوردی بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات. لە ڕووی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوازێکی نادروست و پڕ لە کێشە یاخود دوورکەوتنەوەی گەنجان لە خوێندنەوە و زانست وە سەرقاڵبوونیان بە کۆمەڵە شتانێک کە ناپێویستن بۆ خودی تاک لە کۆمەڵگادا. زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بابەتی سەرەکی و گەرمی هەواڵەکانە لەنێو هەواڵەکانی ڕۆژانەدا. ئایە هیچ پێوەرێک و سەنگێک هەیە بۆ بە ئامارکردنی ئەم ڕووداوانە بۆ سوود بینین لە ئاگادار کردنەوە و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا، یاخود تەنها وەکو هەواڵێکی ئاسایی و بۆ زیاتر بە بینەربوونی کەناڵەکان دەدرێت بەگوێی خەڵکیدا و ئێمەش کەمێک خەم دەخۆین سەرێک بادەدەین و پاشان بیرمان دەچنەوە؟ بیرچوونەوەی ئەم بابەت و ڕووداوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کێشەکان دووبارە و دووبارە بینەوە بە هەمان سیناریۆ و بگرە گەورەتر و قووڵتر لە کێشەی پێش خۆی. نەخۆشییەکی دیکەی کۆمەڵگا ئەوەیە ڕێزێکی ئەوتۆ نەماوە لە نێوان گەورە و بچووکیدا یاخود ڕێزێک نەماوە بۆ قسەی کەسایەتییەک کەوا خەمخۆری کۆمەڵگایە بەڵام ڕێز لە قسەی کۆمەڵانێک دەگیرێت کە لە کەسێکی ئاسایی و سەرشەقامی کۆمەڵگادا زیاتر هیچی تر نییە بەڵام هەمووان گوێی بۆ شل دەکەن و سەریان بە ئاماژەی "بەڵێ" بۆ دەلەقێنن. دەرچوون لە دابوونەریت و ئاین کێشەی سەرەکییە، ناکرێت و نابێت میللەت نەگەڕێتەوە بۆ شوناسی نەتەوەیی خۆیی و بەهایەکی بۆ دانەنێت. لە ڕووی ئاینەوە زۆربەی تاکەکان ڕووخساریانە شوێنکەوتەی "ئیسلام"ن. گەڕانەوە بۆ ئەم دوو بەهایە بەتایبەت لە نێو کۆمەڵگایی کوردی یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ چاکبوونی کۆمەڵگا. دووركەوتنەوە لە بەها ئیسلامییەکان وا دەکات "فساد" لە نێو کۆمەڵگادا زیاد بکات، بەمەش بارودۆخی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت. خودای گەورە لەم بارەوە دەفەرموێت: (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ) کەوایە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا کەس دان بەوەدا نانێت کە خەریکی خراپەکارییە لە کۆمەڵگادا. چاکبوونی کۆمەڵگا لە نەخۆشی پەیوەستە بە چاکبوونی تاکەکان. لەڕووی سێکتەری پەروەردەییش کۆمەڵگاکەمان نەخۆشە ناکرێت بایەخ بە پەروەردە نەدرێت و فێرکردنێکی پڕ لە هەڵە و نەهامەتی خراوەتە پێش پەروەردەیەکی باش و تەندروست. ئاشکرایە بۆ پێشکەوتن دەبێت گرینگی بەم سێکتەرە بدرێت. لەناو هەموو تاکەکانیشدا گەنج زیاتر بۆتە قوربانی دەستی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا بەمەش وا ڕوودەدات کەوا گەنجی بەرهەمدار کەم بێت. "ئەم نەوە نوێیەی ئێستا لە قۆناغەکانی گەنجیدان بە باشی درک بەو چەرمەسەرییانەی ئێستاو ئایندە دەکەن و دەشزانن ئەرکەکانیان لەرووی فیکرییەوە سەختتر و گرانترە لەنەوەکانی پێش خۆی، چونکە لەم کاتەدا ژیان مۆدێرنە و بەجیهانی بووە." گەنجان

پێشەنگ و نهێنی سەرکەوتن و بنەمای شارستانی هەر نەتەوەیەکن، هێڵی بەرگریی یەکەم و کۆتایین بە پێویستزانی ڕۆشنبیرکردنەوەی گەنج لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وا دەکات دوور بن لە هەموو نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا.




# ڕەفتاری نەشیاوی تاک لە سۆشیاڵ میدیا و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگا

سەرەتا با باسێکی گرینگی سۆشیاڵ میدیا بکەین لە گرینگی گەیاندن. خۆشبەختانە لە سەردەمی ئێستادا تەکنەلۆجیا پێشکەوتووە و بووە بە کار ئاسانی بۆ تاک لە ڕوانگەی ڕایی کردنی کارەکانی ڕۆژانەی وە ئەو پێشکەوتنەش کار ئاسانی بۆ دەربڕینی ئایدیا و بیری تاک کردووە. ئێمە دەبێ دڵ خۆشبین بەو هەنگاوە گرینگانەی کە مرۆڤایەتی ناویەتی بەڵام دەبێ ڕەچاوی هەندێک بابەت بکەین و بە وریاییەوە لێی بڕوانین. با باسی بابەتێکی گرینگ و فرەبەرچاو بکەم کە لە ئێستادا لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە ئەویش بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە لەلایەن منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵ کە بەداخەوە دایبابان لێیان بەئاگا نین و لێیان ناکۆڵنەوە، کە بە چ شێوەیەک لە لایەن منداڵەکانیان بەکاردێت. ئەوەش دەبێتە بەلاڕێدابردنی ڕەوشت و بیری منداڵان. ئەگەر سەربەستبن لە بەکارهێنانی لەبەر ئەوەی کە منداڵ دووبارەکەرەوەی ڕەفتار و گفتاری کەسی بەرامبەرە بە بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئایە ئەو کردار و گوفتارە لە سوودیەتی یان زیان. بۆیە پێویستە لەسەر دایبابان بە هۆشیارییەکی زۆرەوە لەو بابەتە ورد ببنەوە و کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی سەرەنجام ڕۆڵەکانیان بە لاڕێدا نەچن هەم لە ڕووی فیکری و هەم لە ڕووی ڕەوشتیان. گەر بێینەوە سەر جەوهەری بابەتەکە کە کاریگەری تاکە لە شێواندنی کۆمەڵگا لە ڕێی سۆشیاڵ میدیاوە. بەداخەوە لە ئێستادا کۆمەڵە کەس و لایەنێک لە گۆڕەپان دان بۆ بەلاڕێدا بردنی تاک و کۆمەڵگامان بە تایبەت بەلاڕێدا بردن و خۆڵ کردنە چاوی گەنجەکانمان کە لە ڕێی سۆشیاڵ میدیاوە چەند ئەکاونتێکیان داناوە و بەشێوازێکی زۆر زیرەکانە و بەدخوانە ئەو کارە دەکەن هەندێکیان بە هونەر دێنە مەیدان و هەندێکیان بە ڕاگەیاندکار و هەندێکیان بە فاشیۆن و مۆدێل. بەداخەوە هەندێکیشیان ڕێگەی ئەوەی پێدراوە بە ئاشکرا لە تیڤییەکان بانگەواز بکەن و بەرنامەکانیان بخەنە ڕوو بۆ تێکدانی کۆمەڵگا. جا لێرەدا پێویستە ئێمە وشیاربین و بە سادەیی و بیرێکی سنووورکراو لەوان نەڕوانین! پێویستە وەک چۆن ئەوان لە هەوڵی شێواندنی ڕەوشت و بەها ڕەوشتیەکانی کۆمەڵگان، ئێمەش ئاوا لە هەوڵی چاککردن و مانەوەی بەها ڕەوشتییەکان بین. بەڵام نەک بە شێوازێکی ناشرین و ناڕۆشنبیری بەڵکوو پێویستە بە شێوازێک دژیان بین لەسەر بنەمای بەڵگە بێت و لەسەر بنەمای بە هەڵە نیشاندانی کارەکانی ئەوان بێت گەر کاریان هەڵەبوو. ئامانجی ئێمە بنبڕکردنی ئەو کارانە نیە کە ئەوان پێی هەڵستاون. ئێمە ئامانجمان لە بنبڕکردنی کارە ناشرینەکانیانە چونکە لە هەموو وڵاتان بواری ڕاگەیاندن و کاری مۆدێل و فاشیۆن و ئەو بابەتانە

هتد... هەیە بەڵام بە شێوازێکە کە لەگەڵ داب و نەریتەکانی خۆیان دەگونجێت. ئێمەش دەمانەوێت هەمانبێت و لەگەڵ داب و نەریتەکانی خۆمان بگونجێن. بۆیە ئەو کارەی من باسم کرد پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی ڕۆشنبیر و بە ڕەوشت بە ئەرکی خۆی بزانێت و لە پێناو بەها ڕەوشتییەکانی کۆمەڵگامان تێبکۆشین.

**ئەحمەد ستار**



# بیرکردنەوەی هەڵە بۆ ژیان

ئێمە کە دێینە سەر باسی مرۆڤ، پێمان وایە مرۆڤ بە بیرکردنەوە دەتوانێت خۆی جیابکاتەوە لە هەموو مەخلوقەکانی تر. "مرۆڤ کائینێکە بیرکردنەوەی زۆر قوڵە" یەکێک لە تایبەتمەندیە هەرە جەوهەرییەکانی مرۆڤ بیرکردنەوەیە، ژیانی مرۆڤ ئاوێتە و ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیەتی لە ڕەفتار و گوفتاریدا. هەر کاتێک ئەگەر کێشەیەک لە بیرکرنەوەی مرۆڤەکاندا هەبێت ئەوە کێشە و هەڵەکە بۆ ژیانی مرۆڤەکە دەگوازرێتەوە. ژیانی مرۆڤ ڕەنگدانەوە و بەرهەمی بیرکردنەوەکانیەتی بە باش و خراپ. بۆیە ئەگەر کەسێک بیەوێ ژیانی خۆی لێوڕێژێک لە خۆشی و شادی بکات، دەبێت دەستکاری بیرکردنەوەکانی بکات، بۆ ئەوەی ژیانێکی سەرکەوتووانە و بەختەوەرانەی هەبێت. ئەبێت بیرکردنەوەکانی خۆی بگۆڕێت. ئەگەر مرۆڤ لەسیستەمی بیرکردنەوەیدا هەڵە هەبوو یاخود گیروگرفت و کێشە هەبوو ئەوا لە هەموو ژیانی ئەوکەسە کێشە و گیروگرفت ڕوودەدات. بۆیە زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر مرۆڤ خۆیدا دێت بەر ئەنجامی بیرکرنەوەکانیەتی. بۆیەئەگەر ئێمە توانیمان بەڕاستی بیربکەینەوە ئەوە ژیانیشمان ڕاست و دروست و باشتر دەبێت. چۆن نان و ئاو و هەوا بۆ مرۆڤ پێویستە ئاواش بیرکردنەوە پێویست و گرنگە. دەبێت فێری بیرکردنەوە بیت چونکە هیچ شتێکیش وەکو بیرکردنەوە گرنگ نیە. بیرکردنەوە ئەو هێز و توانایەیە کە مرۆڤ بەرەو هەموو جیهان دەبات و هەموو گۆڕانکاریەک بەسەر مرۆڤدا دەهێنێت، داینەمۆی مرۆڤ بیرکردنەوەیە.

کاتێک مرۆڤ بیرکردنەوەی نەبوو یاخود فێری بیرکردنەوە نەبوبێت یاخود بڵێین خۆ هەموو کەس بیر ناکاتەوە، واتاچێنێکی کەم هەن کە بیردەکەنەوە ئەوانی تر هەموو بە پێی سیستەمی هەوەس و غەریزە و ئارەزووەکانیان هەنگاو دەنێنن، وە مرۆڤی ئاقل هیچ کات زیان بەخۆی ناگەیەنێت. وەک فەیلەسوفی یۆنانی "سوکرات" دەڵێت: (ئاکارە جوانەکانی مرۆڤ بەرهەمی بیرکردنەوەیەتی.) مرۆڤ بریتیە لەو بیرکردنەوە و لەو هزرەی کە هەیەتی، ئەگەر مرۆڤ هزر و بیرکردنەوەی نەبوو واتا بوونی نییە. وەک دیکارت" دەڵێت: (من بیردەکەمەوە کە واتا من هەم.)

**بێستوون شاکر**



## کارەکتەرە تۆقێنەرەکانی ئیسلام و گەوجاندنی پەیڕەوان

هەمیشە ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیاواز بووە لەو کەسانەی کە تەمسیلی دەکەن، ئەو سەربردەیە زۆر دوور و درێژە، تۆ ئەگەر بتەوێ بزانی ژەنینی دەف حەلاڵە یان حەرامە، ڕووبەڕووی دەیان ڕەئی و فەتوای جیاواز دەبیەوە، کە لە کۆتایی دا سەیر دەکەی، هەموو ئەو کەسانەی کە فەتوایەکانیان جیاواز بووە، هەر کەس خۆی بە موسڵمانی عەیار بیست و چوار دەزانێت. هەموو ئەو کەسانەی تەمسیلی دین دەکەن و بانگەواز دەکەن، پێیان وایە ئاینی ئیسلام لە خزمەتی مرۆڤ دروست بووە، هاوکات زۆرێک لەوان هەر خۆیان خۆیان بە درۆ دەخەنەوە و بەهۆی ئاین دێن ژیانی خەڵکی بەرتەسک دەکەنەوە، هەموو ئازادیەک پێشێل دەکەن، سنور بۆ بیرکردنەوەی هەموو تاکێکی موسڵمان دادەنێن، بیروڕا، پرسیار و وەڵام، تێبینی و گومانەکان، هەموو ئەمانە دەبێ لە سنوری ئایدۆلۆجیای ئەوان بێ، دژی هەموو کارێکی هونەری و ئەدەبی و هتد... بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند مەرامێک کە خۆیان هەیانە. سا گەر بمانەوێ ڕوو لە چارەسەر بین، پێویستە ڕێگە نەدەین هیچ کەس و لایەنێک بۆ مەرامی خۆی دینمان پێ بفرۆشێتەوە، فێری دینداریمان بکات بەو جۆرەی لە بەرژەوەندی ئەوە... ئێمە کە زانیارییەکی تەواومان لە بارەی ئاینی ئیسلام نیە، با دەست بۆ بابەتە گرنگ و هەستیارەکان نەبەین، با نەکەوینە داوی کەسانێک کە ئیسلامیان لە خەڵکی کردووە بە زەهری مار و وەکو دێوەزمەیەک وێنایان کردووە. گوێ نەدان و گرنگی نەدان بەو کارەکتەرە تۆقێنەرانەی باس کران وامان لێدەکا ئاینمان لا خۆشەویستتر بێ و مانایەکی جوانتر ببەخشێ، هاوکات قوڵبوونەوە لە بابەتە هەستیارەکانی ئاین کاری هەموو تاکێکی موسولمان نیە، چونکە مەرج نیە ئەوەی فێری عیلمە شەرعیەکان بوو بەهەشتی بێ و باقی جەهەننەمی بێ، بە نموونە؛ تۆ ئەگەر لە بواری فیزیاش زانیاریت هەبێ و سوودت بۆ خەڵکی هەبێ، خۆی لەخۆی دا ئەوەش عیبادەتێکە،خۆ ئەگەر بمانەوێ لە ئاین شارەزا بین شتێکی چاکە، بەڵام هەر لەسەرەتادا دەستبردن بۆ بابەتە هەستیارەکان و گوێ گرتن لە کارەکتەرە تۆقێنەرەکان وامان لێدەکا بە نەشارەزایی و جەهلی خۆمان بکەوینە داوی کەسانێک کە دەیانەوێ پەیڕەوانی ئاینی ئیسلام لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن.

دێرین کەماڵ چاوشین

# ئەدەب-شیعر



## بێداری

بنچکە ڕامانی وەهام ڕسکاوە،
ئەستێرەی دیوە
تاکو بەیانی بووە بە هەتاو.

کەچی چەند ڕامام
لە بەژنی سپی کۆتری یادت؛
تروسکەی زیویم
لە ژەنگاڵیی شەو، نەدی ناوبەناو.

---

بنچک: بندەوەن یا بنەگیایەکی ئەستوور و پڕ و چڕە،
لە هاویندا بەسەوزی دەمێنێ و لە پایزدا وشک دەبێ و
بۆ سووتەنی هەڵدەکەندرێ.
ژەنگاڵی: ژەنگاری، ڕەنگی ئاسمان.

ئەحمەد زرار



## زمانی دووەم

خۆشەویستم،
لەمکاتەوەی دابڕاوین
دەزانم زۆر لێک گۆڕاوین،
ڕەنگە ئێستە
کۆرسەکەشت
تەواوبووبێ.
قەمیسە ڕەنگ سوورەکەشت
گوڵی ئەوینی گرتبێ.

خۆ زمانە شڕەکەشت
ڕەنگە ئێستە، وەک ئاو ڕەوان
بووبێتن و بخورێتەوە
یان، وەک ڕۆمانێکی تازە
لاپەڕەی هەڵبدرێتەوە.

ڕەنگە ئیستە زمانەکەت،
وەکو هەور خونە خون کا
یاخود وەکو پێش بارانێ
پەیف و ڕستەت گڤە گڤ کا.
ڕەنگە ئێستە وشەی تازە

لە زەوینی زمانەکەت، سەوز بووبێ.
لەوانەشە:
پەریزادە و سوارچاکانی زێدەکەت،
لە یادچووبێ.

ڕەنگە ئێستە، وەکو هەسپێک
زمانەکەت جڵەو بکەی.
ڕەنگە، وەکو سنەوبەرێک
بۆ گەنجبوونی خۆت وەڕسکەی.
ڕەنگە ئێستە لای دۆستانت
بەم زمانە وشە ڕێکخەی.
***
ئاخر گیانم،
تۆ نازانی
ئەم زمانە شڕو وڕە
لە بەرامبەر ئێمە کڕە.
بورجی ئیڤڵ،
سەعاتە کۆنەکەی لەندەن،
ئەو پەیکەری ئازادییە،
ڕەگ و لک و پۆی هەڵوێستی
سەر زارییە.
گوێ ناگرن و
گوێچکەکانیان
لە ئاستی ئێمەی کورد کەڕە.
چاوەکانت گەر هەتەر کەن
هەرگیز، هەرگیز، بڕوا ناکەن.

ئەی نەتدیوە؟
چاوی ئاسمانی نیشتیمان
لێڵ و تەڕە.

وشەی باران، بە خەمگینی
تنۆک تنۆک، پیتەکانی
لە هەورەوە دێتە خوارێ؟
دەبێ چی بێ؟ بۆچی دنیا
لە تریشقەو تێک وەشێنی،
سەدای ئێمە گوێ ناگرێ؟
خۆشەویستم،
ئێمە داری ئازادیشمان
بە خوێن ئاودا.

کەچی هێشتە بەرناگرێ!
***
ئەوە کێیە؟
ژانی کورد بوون دەئافرێنێ
زمانی کوردی پەتیمان، دەخنکێنێ!
بۆچی لافاو
ئاوازەکەم تێکدەشکێنێ؟
بۆچی باران
کارەساتم بەسەردێنێ؟

هیچ تێناگەم
لەوەتی هەین،
خیانەتی براکانمان
چەنگ لە بینی نیشتمانمان
دەئاڵێنێ.
قەدەری چارەنوسراومان
بەژنی بڵندی منارەم، دەڕوخێنێ!
گومبەزەکان بێ ماڵ دەکا
پاسارییەکان دەتۆقێنێ!
گەردەلول دێ و دەماندوێنێ.

باشە بۆچی؟
کۆتری سپی ئازادی
دیلە لە نێو چڕی دوکەڵ.

بەڵێ گیانم
من پەنهان نیم
چاک دەزانم
ئەم زمانە دووەمەی تۆ،
کە درەختی خەیاڵی لێ داگیرکردوویت
ئەم زمانەی تۆ بە چاکی، کە فێری بوویت.

هیچ کات، بڕگەی
مافی کورد لە خۆناگرێ
ئەم فەرهەنگە هیچ کات وشەی
کوردستانت هەڵناگرێ.

قەت نایەڵی:
یەقین و بڕوای کورد بوونمان
پێکی ڕوناکی بنۆشێ،

بە زەیتون و بەرامەی بێستان و چرا
خۆی داپۆشێ.

قەت نایەڵێ:
چۆلەکەکان
لەنێو چامەی شیعرەکانمان
ئازادانە لە باڵ بدەن
شاعیرانە خەیاڵ بکەن.

قەت نایەڵی:
ژانی مێژووی کوردایەتی،
کورتخایەن بێ.
مامزی تێکۆشەری شاخ،
بێلایەن بێ.

بەڵێ گیانم،
بۆیان بکرێ
هەتاوی نێو ئاڵاکەمان
بە گڕی خۆی دەسوتێنن.
لە شیعرێکی برایەتی
پیت، لە وشە دەترازێنن.

وەختێ ئێمەش ئاگەدارین
خۆشەویستیمان کوژراوە.
لە گوندێکی دورە دەستدا
تەرمەکەی فڕێدراوە.

**نەهرۆ جەرجیس**

# ئەدەب-لێکۆڵینەوە




## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (تاکسی)

نووسەری ڕاستەقینە و خەمخۆر ئەو نووسەرەیە لەناو ئێش و ئازاری میللەتەکەی بژیێت و ئەو کێشەو گرفتانەی ڕۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی دەبێت، یاخود ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەیکاتە بابەتێک و بە شێوازی ئەدەبی بەرز پێشکەشیان دەکات، دەیەوێ پەیامێک بگەیەنێ بە دەوروبەر، بەتایبەتی کەسانی ئەدیب و هونەرمەند، ئیدی لە هەر بوارێکی ئەدەبی و هونەری بێ (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ، تەنز، سینەما، شانۆ... هتد.) ئازارو نارەحەتییەکانی کۆمەڵ بکاتە پێکهاتەی کارەکەی و لە چوارچێوەی ئەدەبی و هونەری پێشکەشیان بکات. ئێمەی ڕۆژهەڵاتی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) گەر کت و مت ژیانمان لەگەڵ نەتەوەکانی تری هەرێمی (اقلیمی) وەکو یەک نەبێ، هێندە لەیەک نزیکن ناتوانی لەیەکیان جیابکەیتەوە، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و... هتد. زۆرێکمان لەو ڕووانەی باسم کرد لەیەکدی ئەچین، واتە خەمی گەنجێکی کورد هەمان خەمی گەنجێکی عەرەبی عێراقی یاخود سووری یا میسری و... هتد. چونکە هەم سیستەمە سیاسییەکە، هەم بارە کۆمەڵایەتیی و ئاینییەکە، تا ڕادەیەکی زۆر نزیکن لەیەکەوە.

کاتێک کوردێک ڕۆمانی (تاکسی) دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات نووسەری ڕۆمانەکە لەناو بارودۆخ ژیانی کورددا ژیاوە، چونکە نووسەری ڕۆمانەکە ڕەچەڵەکی (میسر)یە. ئەو بارودۆخە ناهەمواری کۆمەڵگەی میسری تیایدا دەژی هەمان بارودۆخە کە هاووڵاتیانی کوردستانی تێدا دەژی، چونکە کۆمەڵگەی میسریش بە هەمان شێوەی کوردستان بە دەست گرفتی بێکاری و کەپتی سێکسی و گرفتەکانی خێزان و کۆمەڵێک کێشەی تر دەناڵێنێ، نووسەر لە ڕۆمانی تاکسیدا ئەو تەلبەندەی شکاند کە ڕۆمان لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان لە دەوری یەک کەسایەتی یاخود چەند کەسایەتییەک بسوڕێنەوە و کۆتاییەکەشی بەشێوەی بازنەیی خول بخواتەوە لە خزمەت ئەو کەسایەتییانەی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەن، لێرەدا نووسەر زیاد لە کەسایەتییەک دەکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، ئەو وەکو سەرنشینێکی تاکسی کاتێک سواری تاکسی دەبێ گوێ لەو شوفێرە تاکسییانە دەگرێت کە چۆن ڕۆژانە گوزەرانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، باسکردنی ئەم بەسەرهاتانە لە زاری شوفێرانی تاکسییەوە بۆتە هەوێنی نووسینی ئەم ڕۆمانە، خۆ تەنها باس لەو گرفتانە ناکات کە ڕۆژانە دووچاری ئەم شوفێرانە دەبێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا باسی ئەو هەلپەرستانەش دەکات کە تاکسی بۆ حەزە سێکسی و سیخوڕییەکان بەکاردێنن، لێرەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کاری تاکسی لەگەڵ ئەوەی گوێبیستی ئەو ئازارانە دەبیت کە ناهەمواری ژیان ڕووبەڕووی ئەو شوفێرانی کردوتەوە، بەڵام بێبەش نییە لەو کارە قێزەونە ئەهریمەنانەی ناخی مرۆڤ، زۆرێک لەوانە بۆ دامرکانەوەی حەزە ئەهریمەنەکانیان و شاردنەوەی لە چاوی کۆمەڵگە پەنایان بردۆتە بەر شوفێری تاکسی، بەڵام ئەوەی لەم ڕۆمانە زیاتر هەستی پێ دەکرێت، چینە ڕەش و

ڕووتەکەیە، گرنگ پەیداکردنی بژێوییە، گرنگ نییە کاتەکەی شەوە یان ڕۆژ، جگە لەمانە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیاوانی وەزارەتی ناوخۆ، دیاردەی بەرتیل خواردن لە پای ئەوەی چاوپۆشی لە هەڵەو کەم و کوڕی شوفێر بگرن، زۆرجاریش پۆلیسی هاتوچۆ بۆ گەرم کردنی گیرفانی سەربەخۆ و بێهۆ پەڵپ لە شوفێرانی تاکسی دەگرێت تاکو شتێک بەرتیلی پێ بدەن، یاخود ئەو شوفێرە بەساڵاچووەی بە جەستەیەکی ماندوو بەدەست نەخۆشییەوە، بێنانی وای لێدەکات گوێ بە ڕێنمایی پزیشکان نەدات و بڕوات تاکو تیکەنانێک پەیدا بکات بۆ خێزانەکەی، بەڵام چارنووس (قەدەر) وای بۆ ڕێک دەخات کەسێکی خواپێداو لە فڕۆکەخانە سواربکات و ئەم کەسە جگە لەوەی کرێی هەفتەیەکی بەزیادەوە دەداتێ و ئەو خێرەی بڕیاری دابوو بیکات ئەم شوفێرە بەساڵاچووە بەشیاو ئەزانێ و دەیداتێ، کە بەکرێی تاکسی و ئەو خێرە پارەی مانگێکی وە دەست کەوت، کاتێک ئەم ڕۆمانە دەخوێنیتەوە وا هەست ناکەی ڕووداوەکان لەناو میسرن، بەڵکو لەناو شەقامەکانی کوردستانن ڕوویان داوە، وەکو وتمان بێکاری و کێشە سیاسیی و ئابوورییەکان هەمان ئەو کێشانەن کە ڕووبەڕووی تاکی کوردو میسرو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەو ململانێ ئەو ئایدۆلۆجییە کە هەیە کە خۆی لە جەمسەری ئاینی و عەلمانییەکەدا خۆی دەبینێتەوە، ژیانی ڕۆژهەڵاتی بەجۆرێک شێواندووە هەموو ئەو کارەساتانەی ڕوودەدەن هۆکارەکەی بخەنە ئەستۆی عەلمانیەت بۆ لاوازکردنی باوەڕو عەقیدەی خەڵکی موسوڵمان، هەرچەندە ئەمە ڕاستە ئەمریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە چەندین دەسەڵاتی پاوانخوازی دروست کردووە، کە ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی نییە بە ئایدۆلۆجییەوە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتانە بۆ شاردنەوەی کارە پاوانخوازییەکانیان هەمیشە بەم بابەتە لاوەکیانە شاردۆتەوە، تا ڕەوایەتی بەو پانخوازییەو دەسەڵاتە شمولییە بدەن کە پەیڕەوی دەکەن، ڕۆمانی تاکسی بە جۆرێکی سنوورەکانی بەزاندووە، چونکە وەکو وتم کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەواو ئاوێتەی یەکن و لەیەک نزیکن، بۆیە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە وای لە ڕەخنەگرێکی ئەرجەنتینی کردووە بڵێ: (وام هەست کرد باس لە شەقامەکانی بیونس ئایرس دەکات نەک قاهیرە)[*]

*ڕۆمانی تاکسی، نووسینی (خالید ئەلخەمیسی، وەرگێڕانی (سەباح ئیسماعیل)، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2010.

**سەهەند ناڵی**

# مەلەفێکی تایبەت بە نووسەر و چیرۆکنووس

## سابیر ڕەشید




# ژیانامەی

# سابیر ڕەشید

- سابیر ڕەشید ساڵح
- لەساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر، شەقڵاوە لە دایک بووە.
- قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨١ کۆلێژی یاسا و ڕامیاری لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ وەک فەرمانبەر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە و لە چەندین شوێنی جیاجیای ئەم وەزارەتە کاری کردووە.
- لە ساڵی ٢٠١٩ خانەنشین بووە.
- لە کاتی منداڵ بووە، باپیری تەمەنی دوو ساڵ گەورەتر نووسیوە بۆ ئەوەی نەوەکەی ببینێ جلی سەربازی لەبەر دەکات و لەبەرچاوی ئەو گەورە بووە، دەنا لەدایک بوونی خۆی ساڵی (١٩٥٨) بووە.
- سەرنووسەری گۆڤاری (مەم) بووە کە لە ساڵی (١٩٩١)، لەشەقڵاوە دەرچووە، کە گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری بوو تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە ژمارە (٣) یّشی ئامادەی چاپ بووە، بەڵام باری دارایی گۆڤارەکە ڕێگای چاپ کردنی نەداوە.
- دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەنگارە) بووە کە دوای ڕاپەڕین لە شەقڵاوە دەرچووە تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە، گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری بوو.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (هەرێم) بووە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری کردووە و بۆماوەی خولێک لەم گۆڤارەدا کاریکردووە.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (ئاسۆی فۆلکلۆر) بووە کە گۆڤارێکی فۆلکلۆریی و کەلەپووری کوردی بووە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردووە، گۆڤارەکە (٥٠) ژمارەی لێدەرچووە، پیرداود مەخموری سەرنووسەری بووە، پاشان لەگەڵ گۆڤارەکانی تری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وەستاوە، ئەو لە ژمارە (٥) ەوە تا وەستانی لەم گۆڤارەدا کاریکردووە.
- لە ساڵی (١٩٧٤) ەوە دەستی بە خوێندنەوە کردووەوەهەر لەم ساڵەشەوە یەکەم بەرهەمی خۆی کە شیعر بووە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) دا بڵاو کردۆتەوە، کە ئەو کاتە لە شێوەی ڕۆژنامە دەردەچوو و زیاتر هانی گەنجانی دەدا دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٧٥) لەگەڵ هاورێکانی لە ئامادەیی کوردستان گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (کاروان) کە تەنیا یەک ژمارەی بە ڕۆنیۆ چاپکرا، ئەو لەو گۆڤارەدا چیرۆکێکی منداڵانی بڵاوکردەوە. دوای ئەوە بڵاوکراوەیەکی دیواریان بە ناونیشانی (کاوێس ئاغا) بە سەرپەرشتی مامۆستای زمانی کوردی ڕەحمەتی مامۆستا ئەمین بڵاوکردەوە، لەم بڵاوکراوەیەدا

یەکەم چیرۆکی خۆی بەناونیشانی (شەوێکی ژوان) بڵاوکردەوە، لەم کاتەوە دەستی بە نووسینی چیرۆک کردووەو وازی لە شیعر نووسین هێناوە.

- بۆ ماوەی خولێک دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بووە، کە گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیری بووە، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەریکردووە، لەکاتی ئەودا ڕەحمەتی د. عەبدوڵڵا حەداد سەرنووسەری بووە، دوایی نەوزاد ڕەفعەت بووە بە سەرنووسەری گۆڤارەکە.
- زیاتر لە بیست کتێبی چاپکراوی هەیە لەبوارەکانی: ڕەخنەی ئەدەبی ، چیرۆک ، ڕۆمان ، نوڤلێت ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و سیاسی و یاسایی و سیاسی وەرگێڕان.
- چەندین کتێبی جۆراوجۆری ئەدەبی ئامادەیە بۆ چاپ، خاوەن پڕۆژەیەکیشە بەناونیشانی (کتێبخانەی چیرۆکی کوردی) کە هەرجارەی چیرۆکنووسێکی داهێنەری کورد بەسەر دەکاتەوەو چیرۆکە بڵاونەکراوەکان و بەرهەمەکانی کۆ دەکاتەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی خۆی، چاپی دەکات، تا ئێستا چەند زنجیرەیەکی لەم پڕۆژەیە بە کتێب چاپکردووە.
- لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردی و عەرەبی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
- چیرۆک و بەرهەمەکانی بۆ چەند زمانێک وەرگێڕدراون.
- چیرۆک و ڕۆمان و کورتیلە چیرۆکەکانی چەندین جار نامەی ماستەر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وباسی دەرچوونی زانکۆیی لەبارەوە نووسراون.
- ئێستاکە لە هەولێر دەژی و شان بەشانی کاری ئەدەبی خەریکی کاری بازرگانییە و دوکانەکەی بۆتە شوێنی نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیران و بۆتە جێی ڕووناکبیران و ناویان لە دوکانەکەی ناوە (هزر خانە).

# چاپکراوەکانی نووسەر



١- (( ؟ )) شەش کورتە چیرۆکی کوردی، بە هاوبەشی لەگەڵ کەمال سەعدی، هەولێر، چاپخانەی شارەوانی، چاپی یەکەم، ١٩٧٦ ، ٣٥ل .

٢- خەونە سەوزەکان، چیرۆک، بەغدا، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، چاپی یەکەم، ١٩٨٨ ، ٨٠ل.

٣- مەرگی بازنەیی، نۆڤلێت، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ژمارە (٦)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، ٤٨ل.

٤- بیبلۆگرافیای چوار ساڵەی گۆڤاری (ڕامان)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠، ٤١٣ل.

٥- پێناسەی دەستوور، یاسایی، د. عەبدولڕەزاق ئەلتەعان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی ژمارە(١٣)، هەولێر، چاپخانەی کەوێڵ، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ٤٨ل.

٦- دەروازەیەک بۆ هزرنامەی لویس ئەلتۆسێر، هزر، ئۆجیلفی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەم-کتێبی گیرفان، ژمارە(٥٤)، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤ ، ٩٤ل.

٧- تاوانباری جەنگ، یاسایی، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان، ژمارە(٥)، هەولێر، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥ ، ٩٦ل.

٨- چیرۆکی کوردی ـ ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کتێبی گیرفان ژمارە(٧)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٩٦ل.

٩- ئاوێنە، ١٠٠ کورتیلە چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ژمارە(٥٥)، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ٨٠ل.

١٠- ڕۆمانی کوردی ـ خوێندنەوەو پرسیار، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ژمارە(٥٢٩)، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ٣٦٠ل.

١١- گیای سەروەری، چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارە(٢٩٨)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ٩٤ل.

١٢- پەیژەکانی تاریکی، کۆچیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ژمارە(٨٢٩)، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ٢٥٥ل.
١٣- چیرۆکی کوردی ـ ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بە دەستکاری و زیادکردنەوە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ژمارە(٢١٧)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، ١٦٤ل.
١٤- ئاوێنە، ١٠٠ کورتیلە چیرۆک، بە زیادکردنی لێدوان و نووسینەکانی لەبارەی کورتیلە چیرۆکەکان و وەرگێڕانی کورتیلە چیرۆکەکان بە زمانی عەرەبی و تورکمانی، ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم، ٢٠١٦، ٣٧٢ل.
١٥- دەسەڵاتی ڕۆشنبیری، بابەتی ڕۆشنبیری و سیاسی و یاسایی ـ ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ٣٤٤ل.
١٦- شیری مووسا، ڕۆمان، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ژمارە(٨٦٤)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، ٢٠١٧، ١٩٢ل.
١٧- کوێرەی چاوساغ، ڕۆمان، ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ١٠٤ل.
١٨- سەدرەدین عارف نوێکاری چیرۆکی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە(٨٥٨)، سلێمانی، چاپخانەی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ١١٨ل.
١٩- ئینسکلۆپیدیای لەتیف حامید بەرزنجی نوێکاری چیرۆکی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٣٤٦)، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ٧٠٠ل.
٢٠- شمشێری مووسا، ڕۆمان، ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم، ٢٠١٩، ٢٨٢ل.
٢١- دڵشاد مەریوانی نوێکاری چیرۆکی کوردی، لێکۆڵینەوەو دەقی ئەو چیرۆکانەی لە کۆبەرهەمەکەیدا نین لەگەڵ دراماکانی، ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، ٢٠٨ل.
٢٢- کوێرەی چاوساغ، ڕۆمان، ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی دووەم، ٢٠١٩، ١٩٤ل.
٢٣- کتێبفرۆش، ڕۆمان، ئێران، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ٢٦٢ل.



# چەند کورتە چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی سابیر ڕەشید

**ئاوێنە (١)**

ئەم ئاوێنە بچکۆلانەی بەر باخەڵم، قەت هەڵە ناکات، هەمیشە وێنەی مردووی خۆم نیشان دەدا.

**ئاوێنە (٢)**

کە لە ئاوێنە شکاوەکەی بەرانبەرم سەیری دەوروپشتی خۆم دەکەم، هیچ کەسێک بەدی ناکەم، شارێکی تەماوی و خامۆش. خەڵکی بینە قاقای مەرگ. ناکەس بەچەکان دەبینرێن پردێکیان لەسەر ملی خەڵکی کردووە لەم سەرو ئەوسەری شار تەراتێن دەکەن و میز بە ئاوێنەکەدا دەکەن.

**ئاوێنە (٣)**

کەلە سەرێک لە ئاوێنە ژەنگاویەکەدا، دایە قاقای پێکەنین.. دایە گریان.. لە شەهیدبوونی خۆی پەشیمان بووەوە.

**ئاوێنە (٤)**

ئەم مەملەکەتەی ئێمەهەر جێگایەکی هەڵدەیتەوە، هەمووی هەر گۆڕستانە.. کیمیاباران کراوەکان.. ئەنفالکراوەکان.. کوشتاری دەست دزو جەردان... لە ئاوێنە شکاوەکانی ناو گوفەکان ڕۆژێ سێ جار کەلەسەرەکانیان چاوشارکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

**ئاوێنە (٥)**

دوای خۆرگیرانەکە... هەندێک بەدەستی ئاڵاوە بە چیاکەدا هەڵدەگەڕان.. هەندێکیتر ئاڵای جۆراوجۆریان هەڵگرتبوو و لە بناری چیاکە بارگەیان لێخستبوو... هەندێک سکی خۆیان گرتبوو و بەدوای کاروانی مردووان کەوتبوون... تاقمێکیتریش بەدوای سیحربازێکدا دەگەڕان زەمەنیان بۆ بگەڕێنێتەوە دواوە... بوو بە چڕ دووکەڵ، لە دەلاقەکانی دەوروبەر، ژەدیها ژەهراوییەکان، چاوەڕوانی ئەنجامی یارییەکە بوون... خەڵکی

گەڕەکەکەم تێکەربوون، لافاوی خوێن کەلەسەری ڕادەپێچا... ئاوێنەکان خڕبوونەوەو لە حەژمەتان بوون بە مێژوونووس.

**ئاوێنە (٦)**

لە مردووستانەکەدا دەم نا دەم بنیادەمێکیان بە خەڵتانی خوێنەوە گلۆر دەکردەوە، تا دەهات لاشەکان لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبوون... لە گۆشەیەکی ئاوێنەکەدا دیتم... پاسەوانانی شار لەگەڵ دز و پیاوکوژەکان پێکەوە دامەیان دەکرد .

**ئاوێنە (٧)**

منالآنی شارەکەم وردە ئاوێنەکانیان کۆکردەوەو نەخشەیەکی تازەیان لێ دروستکرد... ڕمبازەکان هاتن (مردووستان)یان لەسەر نووسی و کردیان بە وانەی جوگرافیا

**ئاوێنە (٨)**

پێش ئەوەی بەرەو دەوام بکەوێتەڕێ سەعاتێک لەپێش ئاوێنەکە خەریکی قژ ڕێکخستن و ماکیاج و تیف تیفە بوو... لە ئاوێنەی ماشێنەکەش هەر دەیڕوانییە وێنەی خۆی و سەر و قژی ڕێکدەخستەوە ... کە گەیشتە بەردەم دایەرە، جانتاکەی دەستی کردەوەو بە ئاوێنەکەی ناوی دیسان سەیری خۆی کردەوە... کە گەیشتە ژوورەکەی خۆشی لە ئاوێنەی ژوورەکەیدا دیقەتی خۆیداوە، ئەمجارە خۆی بە بەرواژی دیتەوە، وێنەیەکیتری خۆی بوو .

**ئاوێنە (٩)**

لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەدا دیقەتی ڕۆیشتنیان دەدا... لەناکاو پەلەواژیان کردەوە... عەلاگەیەکی ڕەش کە تاقە بلوزێکی لەنگەی تیابوو، ژمارەیەکی تری لە داستانی پیاوکوژان تۆمارکرد.

**ئاوێنە (١٠)**

خۆم دانەواندەوە، ئاوێنەکەی ناو باخەڵم لێکەوتە ناو زێرابەکەوە کە شۆڕبوومەوە ناوی دەریبێنم، سەیرم کرد جیهانێکیتر بوو... خەڵکی ئەوێ گۆشتی سەگیان دەخوارد... لەگەڵ خوشک و دایکی خۆیان جووت دەبوون، زەلامیان وەک چۆلەکە سەردەبڕی... دزو جەردەکانیان لەباتی گیران خەلآت دەکران... نەدارەکانیان لەدیار مێزی ڕازاوەی گەورەکان تێر دەبوون... باش بوو زۆر لەوێ نەمامەوە، کە ئاوێنەکەم دۆزیەوە بە هەڵەداوان هاتمە دەرەوە... دەنا شتی سەیر و سەمەرەتریشم بۆ دەگێڕانەوە.



# لێکۆڵینەوەیەک لە کورتە چیرۆکی ئاوێنەکانی سابیر ڕەشید

**لایەنی هونەری لە وێنەی چیرۆکی ئاوێنەکانی سابیر ڕەشیددا / د. عادل گەرمیانی**

هەموو وێژەیەک (Litrerature) لە کاڵچەری جیهانیدا زەمینەیەکی باشە بۆ لەدایک بوونی ڕەگەزی وێژەیی تازە پرۆژەیەکی ئامادە و کراوەیە ، چونکە وێژە، وەک بەرهەمێکی ژیاری و مرۆڤایەتی، خاوەن گیانێکی هەمیشە زیندووە لە جەستەیەکی نەرموڵەی وەها دەتوانێ ژانێک و کشانەوەیەک لە زایەڵەی خۆی بۆ لەدایکبوونی ڕەگەزە تازەکە ئامادە بکات. وێژەی کوردیش، وەک وێژەی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، لە کۆن و ئێستادا ئەو دیاردە وێژەییەی پێوە دیارە، بەڵام هەمیشە درەنگ وەخت و لە پاش چەندین ساڵ ڕەگەزە تازەکانی وێژە تێیدا لە دایک دەبن، پاشان دەتوانێ بەردەوامی، یان نەمری بۆ ئەو ڕەگەزانە دابین بکات.

کۆششەکانی گۆگۆڵ (١٨٠٩ - ١٨٥٢) و ئەنتوان چیخۆف (١٨٦٠ - ١٩٠٤) لە وێژەی ڕووسیی نۆزدەهەم زەمینە خۆشکەرەوە بوون بۆ سەرهەڵدانی کورتە چیرۆک وەک پەخشانێکی هونەری تازە لە وێژەی ڕووسی و جیهانیدا. تەنانەت مەکسیم گۆرکیی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بە ڕاشکاوی وتوویەتی: (هەمووان لەژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە دەرچووینە)، ئەو جۆرە کۆششانە پاشتر بە شێوەیەکی هونەری دی و باشتر لەسەر دەستی گیدی مۆپاسان (١٨٥٠ - ١٨٩٣) لەوێژەی فەڕەنسەیی پێشکەوت. ئەم هونەرە وێژەییە تازە لە ڕۆژگارەوە تا ئەم ڕۆژگارە توانیویەتی سەقامگیر بێ و ببێتە خاوەن کەسایەتی و بنەمای هونەری خۆی، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە نێو وێژەی کوردی سەریهەڵداو تا ئەم ڕۆژگارە بەردەوام بوو. تەنانەت زایەڵەی ڕەگەزی کورتە چیرۆک ( short story) ڕەگەزێکی دیکە تازە دەرکەوتووە پێیدەوترێ کورتیلە چیرۆک (short short story) یان ( short story) دەتوانین کۆ کورتیلە چیرۆکەکانی (هەڵچوونەکان)ی ناتالی ساڕۆت (١٩٠٠ - ١٩٩٩) لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی بە سەرەتای ئەم ڕەگەزە تازەی کورتە چیرۆک دابنرێت. کەوا لە ساڵانی هەفتاکانەوە کورتیلە چیرۆک لە وێژەی کوردی هاوچەرخدا دەستی بە سەرهەڵدان و گەشەسەندن کردووە.

لە بواری کورتیلە چیرۆک لەم ڕۆژگارەماندا چەند نووسەرێکمان هەیە وەک: (ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و سابیر ڕەشید) کەوا دوو ئەستێرەی گەشەداری بەردەوامی کورتیلە چیرۆکی کوردین، جگە لەمانە چەند چیرۆکنووس و هۆنیاری (شاعیر)ی دیکەمان هەیە لە بواری کورتیلە چیرۆکدا بە خامەکانیان چەندین دەقیان پێشکەشکردووە و دەبێ مێژووی وێژەی کوردی هاوچەرخ گەواهی بەشداربوون لەم بوارەدا بۆ ئەم نووسەرانە بدەن: (ڕەئوف بێگەرد و ئیسماعیل ڕۆژبەیانی و سابیر ڕەشید و عەبدوڵڵا سەڕاج و ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی و ئەحمەد

موحەممەد ئیسماعیل و عەباس عەبدوڵڵا یوسف و ڕۆستەم باجەلان و کەمال سەعدی و موکەڕەم تاڵەبانی و عادل گەرمیانی)، و... چەند نووسەرێکی دی ناتوانم لێرەدا سەرجەم ناویان بهێنم، کەوا هەموو جاروبارێک کورتیلە چیرۆک بڵاو دەکەنەوە، جگە لە ئیسماعیل ڕۆژبەیانی کەوا بە ڕۆمانی (نازە) سەرنجڕاکێشەکەی دەرگای ڕۆمانی کوردی لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا والآتر کردەوە، بەڵام زوو لە هونەرە پاشەکشێی کرد بێ ئەوەی بزانین هۆکارەکەی چیە، بەگەرمی بۆ چەندین ساڵ لەبواری کورتیلە چیرۆکدا هەنگاوی دیاردەنێت خوا یاربێ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتم بە دەستەوەیە لەبارەی کورتیلە چیرۆکەکانی، هەروەها (سابیر ڕەشید)ی چیرۆکنووسیش لە بواری کورتیلە چیرۆک بەردەوامە لە دەق پێشکێشکردن زیاتر لەوەی (کەمال سەعدی) چیرۆکنووس لەبواری کورتیلە چیرۆک پێشکێشی دەکات هەرچەندە هەردووکیان پێکەوە لە کۆتایی ساڵانی هەفتاکاندا کۆ-چیرۆکێکیان چاپکرد. لێرەدا هیوادارم دەستی یارمەتی بۆ چاپکردنی سەد کورتیلە چیرۆکەکانی (سابیر ڕەشید) کەوا بە ناونیشانی (ئاوێنە)یە درێژ بکرێت.

لە ڕاستیدا جگە لە چیرۆکی درێژ (Long story) کەوا ژمارەی وشەکانی لە نێوان (٥ - ٣٠) هەزار وشەیە، کورتە چیرۆک (Short story) کەوا وشەکانی لەنێوان (٢ - ٥) هەزار وشەیە، کورتیلە چیرۆک ( Shorter story) کەوا ژمارەی وشەکانی لەنێوان (٥٠٠ - ١٥٠٠) وشەیە، جگە لەمانە سێ ڕەگەزۆکەی دی چیرۆکمان هەیە هەندێ لە نووسەرانمان لەوانەیە بێ ئاگا لە سرووشتی هونەریان پێشکێشی دەکەن، بریتییە لە:

١- وێنەی چیرۆکی (image stor) کەوا بەلامانەوە ژمارەی وشەکانی لە نێوان (٢٥ - ١٠٠) وشەیە.
٢- وێنەی پێنووسی (image pen) کەوا بەلامانەوە ژمارەی وشەکانی لە نێوان (٥٠ - ٢٠٠) وشەیە و تێیدا ژیاننامەی کەسێک، یان نووسەرێک دەخرێتەڕوو.
٣- وتاری چیرۆکی (Essay story) یا ( Report story) کەوا ژمارەی وشەکانی بەلامانەوە لەنێوان (١٠٠ - ٥٠٠) وشەیە و تێیدا سەرگوزەشتەی ڕووداوێک لە ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسی، یان ڕاپۆرتێکی دادگایی لەمەڕ چۆنێتی نواندنی تاوانێک دەخرێتەڕوو.
بنەما یان لایەنە هونەرییەکانی وێنەی چیرۆکی، کەوا لەم لێکۆڵینەوەیەمان مەبەستە لەمەڕ ئاوێنەکانی (سابیر ڕەشید)دا، بریتیە لە: سەرەتایەکی کورت (Short exposition) وە گێڕانەوەیەکی خەست (densification narrative)، چرکەساتێکی دیاری کراوی کورت و شوێنێکی تایبەتی بچووکی هەڵبژێردراو و تەنیا یەک پەڵەوان، یان کەسی سەرەکی و تەنیا ڕووداوێکی زۆر بە شارەزایی هەڵبژێردراو بۆ گەیاندنی بیرێک ئامانجی سەرەکی داڕشتنی وێنەی چیرۆکییە، کەوا لە ڕاستیدا بە کرۆکی وێنەی هونەری نێو کورتیلە چیرۆک دادەنرێت نەک خودی تەواوی کورتیلە چیرۆکە کەوا (سابیر ڕەشید) بەهەڵە ئەم زاراوەی لە ئاوێنەکانی ناوە، چونکە جگە لەو بنەما هونەریانەی وێنەی چیرۆکی چەند لایەن و بنەمای هونەری دیکە هەیە دەبێ لە کورتیلە چیرۆکدا هەبێ وەک: گرێچنی بچووک (Small plot) و گفتوگۆ (daloque) و وێنەی هونەری (imagery).

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم و ڕوونبکەمەوە کەوا بەکارهێنانی وشەی ئاوێنەکان لەلایەن (سابیر ڕەشید)ەوە بۆ ئەو حەڤدە دەقە کورتەی لە لاپەڕەکانی (١٠٧ - ١٠٩)ی ژمارە (١٣)ی خولی ئازادی ساڵی (١٩٩٥) ی گۆڤاری کارواندا زۆر نزیکە لە چەمکی وێنەی چیڕۆکی و بە هیچ شێوەیەک ناچنە نێو خانەی کورتیلە چیرۆکەوە وەک خۆی لەسەرەوەی ناونیشانی (ئاوێنەکان) دایناوە یان بۆیان داناوە ، چونکە سروشتی ئەو حەڤدە دەقەی کەوا بۆ هەریەکەیان ژمارەیەکی لەگەڵ وشەی ئاوێنە داناوە ، بە تەواوی سەرجەم بنەما هونەریەکانی کورتە چیڕۆکی تێدا نیە , بەڵکوو زیاتر بنەماکانی وێنەی چیڕۆکی تێدایە ، هەندێک لە ئاوێنەکانی لە چەمکی وێنەی چیڕۆکیش دوور دەکەونەوە و لە بروسکەبیر نزیک دەبنەوە وەک لە ئاوێنە (١) دا هەیە:
(ئەم ئاوێنە بچکۆڵانەی بەر باخەڵم ، قەت هەڵە ناکات ، هەمیشە وێنەی مردووی خۆم نیشان دەدات) چونکە لەم ئاوێنەدا تەنیا زمانێکی هونەری و بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشی هێماداری هەندێک چەڤەنگی بەدی دەکەین ، باشترین ئاوێنەکانی (١٥،١٠،٦) یە کەوا لایەنەکانی بینای هونەری وێنەی چیڕۆکی تێیاندا بەدی دەکرێ و سەرجەم ئاوێنەکانی دیکە هەوڵی خستنەڕووی ڕووداوێک دەدەن ، بەڵام لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس ئاوێنەکانی تەڵخ کردووە بەهۆی زمانە پڕ لە وشەی هێماداری و

چەڤەنگییەکانی پەیام وەرگرەکانی ، بە ئاسانی لە شەوقی وێنەی چیرۆکی نێو ئەو ئاوێنانە تێناگات ، هەرچەندە لێرەدا لایەنی ڕامیاری ڕووداوەکانی نێو ئەم ئاوێنانە لەوانەبێ وەهای لە چیرۆکنووس کردبێ ئەم جۆرە ئاوێنە تەڵخانە بەکاربهێنێت نموونە لە ئاوێنە (٧)دا دەڵێت: (منداڵانی شارەکەم وردە ئاوێنەکانیان کۆکردەوەو نەخشەکی تازەیان لێدروست کرد..... رمبازەکان هاتن مردووستانیان لەسەر نووسی و کردیان بە وانەی جوگرافیا ) ، لەم جۆرە وێنەی نێو ئاوێنەکە ، کۆتاییەکەی هەوڵی هەندێ تیشک بەخشین بەسروشتی ڕووداوە جەڤەنگی و هێمادارەکە دەدا، بەڵام لایەنەکانی کات و شوێنی زۆر نادیارو تەم و مژاوییە .
ئەم جۆرە تەڵخی ئاوێنە، لە وێنەی نێو ئاوێنەی (١٣)ش بەدی دەکرێت، زمانە هێمادارو جەڤەنگییەکەی ئاشکرای پەیامی ڕامیاری ڕووداوەکەی بۆ خوێنەری زیرەک و ئاگا لە ڕووداوەکانی چەند ساڵێکی بەر لە ئێستای شاری چیرۆکنووسە کاتێک دەڵێت : (دوێنێ خەڵکی شارەکەم لە سێبەریشی دەڕەوینەوە... ئەمڕۆ دۆستە و بجووڵێتەوە وەک نەهەنگ سەدان کەس لەبن دەست و قاچیدا دەپلیشێنەوە... کە مەملەکەت بوو بە شەوەزەنگ، بوو بە پاڵەوانی شەڕ ، خەڵاتەکەی کورسییەکی زێڕین بوو)

پەیامی ئەمجۆرە وێنەی نێو ئاوێنەی (١٣) کەوا ژمارەیەکی شوومە بەلای زۆربەی خەڵکەوە لە ئاوێنە (١٦) هەندێک زیاتر ڕوون دەکرێتەوە کاتێک دەڵێت ( هەموو ڕۆژێک ئاوێنەیەکی نوێم دێنا و لە دەرگای قەڵا دادەنا... خەڵکی شارەکەم پێی بەختەوەر بوون. شەوان ناکەس بەچەکان دەیانشکاند...
لەبەر ئەوان چیدی نەوێرام بەم ناوەشدا بچم... سێرەیان لێگرتبوو ئەوەی لە قەڵاکەش نزیک دەبووەو خڵتانی خوێنیان دەکرد ).

ئاوێنەکانی ( سابیر ڕەشید ) هەوڵی بەدەست وەدانی هەندێ وێنەی فۆتۆگرافی بەسەرهات و ڕووداوەکانی شارەکەی ، شاری هەولێر لە ساڵانی نەوەتەکاندا بخاتە بەر دیدەی خوێنەری دەقی ناو ئاوێنەکانی دی، لە ئاوێنە (١٤)دا وێنەیەکی فۆتۆگرافی ڕووداوێکی شەقام و بازاڕی شێخەڵلا...( ڕۆژنامە نووسە بیانییەکە کە گەیشتە بازاڕی شێخەڵلا... ( ڕاستترە بڵێت شێخەڵلا... عادل ) کامیراکەی خستەکار، وێنەی جۆراوجۆری دەگرت، خەڵکەکە لە خۆشیان شاگەشکە بوون... بۆ ئەوەی وێنەکانیان دەربچێت، دەستە دەستە خۆیان دەخستە پێش کامیراکەی، هەر هێندەم زانی خەڵکی شار هەموو ڕژانە ئەوێ، بوو بە شای و دەهۆڵ و زوڕنا... هەموو هاتن بۆ ئەوەی ئەم ئاهەنگە خۆشە بە خەڵکی ڕابگەینن).

خوشی وێنەی چیرۆکی لە کورتیلە چیرۆک کورتیلەترەو بە هیچ شێوەیەک دەستکارییەکی تاقیگەرانە هەڵناگرێت نەخاسمە ئەم چیرۆکنووسە بێت و بە دوو دڵییەوە چاوەڕوانی ڕەزامەندی ڕەخنەگران بێ ناوی کورتیلە چیرۆک لەو بەرهەمانە بنێت. لە ئاوێنە (١٧)دا ڕستەیەکی برووسکداری رەزا سەید گوڵ بەرزنجی چیرۆکنووس ( دایە گیان خواحافیز ) بکاتە ( دایە گیان خواحافیز ، بەڵام بەرەو هەندەران ) و لەهەر وشەیەک پیتی سەرەتاکەی هەڵژێرێت و هەوڵدانێکی تاقیگەرییانەی خۆی بخاتەڕوو بیکاتە (د.خ.ب.ها!) و نازانم پیتی سەرەتای وشەکانی (گیان، حافیز ، بەڵام)ی بۆچی لەم کورتکارییەی لەبیرکردووە تەنانەت خودی ئەم ئاوێنە دوورە لە داڕشتنی چیرۆکیی و نزیکە لە ڕونکردنەوەیەک بەم شێوەیە بۆچوونێکی خۆی لەمەڕ نیازێکی یان ئومێدێکی دەخاتەڕوو :

( کورتترین چیرۆکی کوردی تا ئێستا خوێندبمەوە ئەوەبوو "دایە گیان خواحافیز"... منیش دەمەوێ لەو برادەرە کورتتر بنووسم، بۆیە دەبێ بڵێم "دایە!!" یان بڵێم "خواحافیز" یان "بای بای" بە دڵم نەبوو بۆیە بیرۆکەیەکم بۆ هات، کە بڵێم "دایە گیان خواحافیز" بەڵام بۆ هەندەران"... کە سەیرم کرد لە چیرۆکەکەی ئەم برادەرە درێژتر بوو، بۆیە بڕیارم دا هەر لەم ڕستەیە سەرەتای تیپەکان هەڵبژێرم، ئەوسا چیرۆکەکەم بەم شێوەیە دەبێت "د.خ.ب.ها!!" ئیتر نازانم خوێنەران ئەم مۆدێلە چیرۆکەم لێوەردەگرن یان نا... ڕەخنەگران حیسابی وردترین چیرۆکی کوردیم بۆ دەکەن یان نا، ئەگەر کرا کابرایەکی سەر شەپقەم بۆ بکەن بە ناونیشانی چیرۆکەکە و ئاوێنەی بازاڕی شێخەڵلاش لە سەری بێ و بای بای لێ بکات بۆ هەندەران...).
لێرەدا نەک تەنیا من، بەڵکو سەرجەم خوێنەرانی ئەم بیرۆکەی (سابیر ڕەشید) بە کورتیلەترین چیرۆک

دادەنێن ؟؟! و ، نازانم سابیری خاوەن تێڕوانینی ڕەخنەی زانیاری زۆر و باش لەمەڕ چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆک چۆن قایل بێ، یان قایل بوو، زاراوەی کورتترین چیرۆکی کوردی بۆ ئەو بیرۆکەی بەکاربهێنێ هەتا ئەگەر لە دڵی خۆیدا نیازی بەکارهێنانی تازەترین شێوازی تاقیگەری بێت لەو ئاوێنەیەدا.

باشترین ئاوێنە لەنێو ئاوێنەکانی بۆ دەرخستنی وێنەی چیرۆکی ئەوەی لە نێو ئاوێنە (١٠)دایە ، چونکە سەرەتایەکی باش و کۆتاییەکی باشترو ڕووداوێکی پڕ لە بیری بەهادار و پاڵەوانێکی هۆشمەند و گێڕانەوەیەکی کاریگەری تێدایە بۆ ڕەنگدانەوەی دوو جیهانی لێکنەچوو لەوانەیە وەک پێشبینینێک بەهۆی سروشتی ژیانی نێو جیهانی زێرابێکەوە بۆ مرۆڤی کوردی هاوچەرخ پێشکەش بکات، ئەگەر بە هۆشمەندییەوە چارەسەرێک بۆ هەندێ کێشەو ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەم ڕۆژگارە نەدۆزرێتەوە. ئەو ڕێککەوتەی کەوتنی ئاوێنەکەی نێو باخەڵەکەی بووەتە سەرەتایەکی باش بۆ شۆڕبوونەوەی خوێنەرانی دەقی ئەم ئاوێنەیە بەرەو ئەو جیهانەی چیرۆکنووس دەیەوێ لە ئاستیدا بە ئاگامان بهێنێ و ڕەخنەی کاریگەری لێبگرێ ، لەم ئاوێنە

ژمارە (١٠)یە دەڵێت : (خۆم دانەوانەوە، ئاوێنەکەی ناوباخەڵم لێکەوتە ناو زێرابێکەوە، کە شۆڕ بوومەوە ناوی دەربینێم، سەیرم کرد جیهانێکی دی بوو خەڵکی ئەوێ گۆشتی سەگیان دەخوارد .. لەگەڵ خوشک و دایکی خۆیان جووت دەبوون .. زەلامیان وەک چۆلەکە سەردەبڕی .. دز و جەردەکانیان لەباتی گیران، خەڵات دەکران، نەدارەکانیان لەدیار مێزی ڕازاوەی گەورەکان تێر دەبوون .. باش بوو زۆر لەوێ نەمامەوە، کە ئاوێنەکەم دۆزیەوە بە هەڵەداوان هاتمە دەرەوە . دەنا شتی سەیر و سەمەرەتریشم بۆ دەگێڕانەوە ..!).

ئێمەش دەڵێین: خۆزگە ئاوێنەکانی دیکەشی لە ئاستە بوایە بۆ بەپێش چاوخستنی چەند دیمەنێکی وەها سەرنجڕاکێش لەنێو ڕاستی ئەتواری کۆمەڵەکەمان، لێرەشدا ئەگەر زیادەڕۆییم نەکردبێ ئەوا دەڵێم: (سابیر ڕەشید)ی چیرۆکنووس بەم جۆرە ئاوێنانە بووەتە پێشەنگی ڕەگەزۆکەیەکی وێژەیی تازە لەنێو وێژەی هاوچەرخمان ئەویش ڕەگەزەکەی وێنەی چیرۆکییە کەوا لە ڕاستیدا کرۆکی وێنەی هونەری نێو کورتیلە چیرۆک و بەجیا و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بۆمان بەرجەستەی کردووە، بە ئەوپەڕی شانازییەوە پیرۆزبایی لەم داهێنانە تازەی ئەم چیرۆکنووسە هاوچەرخەی چیرۆکی کوردیمان دەکەم.

**سەرچاوە: گۆڤاری (کاروان)**

**ژمارە (١٣٤) ساڵی ٢٠٠٥ .**

**ئامادەکردنی:**

**ئەندامانی گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر**

# ئەدەب-گێڕانەوە

# پەنجە




کچەکەم زۆری حەز لە وێنە کێشانە، هەرکە وانەکانی تەواو دەبێت بە بێ وەستان دەست دەکات بە وێنە کێشان. زۆر گرنگ نییە لەسەر چی و چ وێنەیەک دەکێشێ، گرنگ ئەوەیە دەستی نەوەستێت. هەمیشە دایکی لێی تورە دەبێت و بەسەری دا دەقیژێنێ لەبەر پەرتەوازە کردن و لێکردنەوەی پەڕاوی دەفتەرەکانی. دوێنێ هیچ پەڕێکی چنگ نەدەکەوت تا وێنەی لەسەر بکێشێ، دایکیشی گەفی لێ کردبوو کە نابێت هیچ پەڕێک لەدەفتەری وانەکانی بکاتەوە. هات لەتەنیشتم دانیشت گوتی: بابە پەنجەتم بدێ وێنەیەکی لەسەر دەکێشم. منیش پەنجەی شایەتمانم لە نێو لەپە بچووکەکەی ئاخنی. پەنجەی منی خستە نێو لەپی دەستە چەپی، بە دەستی ڕاستی وێنەی دووچاوی بچکۆڵە و خاڵێک لە جێگەی لووتی و خەتێکیش لە جێگەی دەمی لە پەنجەی شایەتمانم دروست کرد. هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین. گوتی: بابە توخوا جارێ مەیسڕەوە. گوتم باشە گیانەکەم نایسڕمەوە تا تۆ دەیلێیت. گوتی: من دەچم لەگەڵ بوکە خان یاری دەکەم. گوتم: وەرە مەڕۆ ئەدی من لەگەڵ کێ یاری بکەم؟ گوتی: بۆ خۆت لەگەڵ پەنجەی خۆت گفتوگۆ بکە! لەبەر دڵی ئەو کردم بە شۆخی و دەستم بە گفتوگۆکرد لەگەڵ پەنجەم. کچەکەم بە پێکەنین چووە ژورەکەی خۆی و خەریکی یاری بوو لەگەڵ بوکە خان. من گفتوگۆیەکەم لەگەڵ پەنجەی خۆمدا بوو بە ڕاست. لە جێگەی من پرسیاری لێبکەم ئەو پرسیاری لە من دەکرد. لە زۆربەی پرسیارەکان خۆم دەبوارد و وەڵامم نەدەدایەوە. لە دوای چەند پرسیارێکی بێ وەڵام کەوتە سەرزەنشت کردنم. کە بە لۆژیک بیرم لە پرسیار و گلەییەکانی پەنجەی شایەتمانم کردەوە هەمووی ڕەوابوو. بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە هەرگیز دان بەهەڵەکانی خۆی دانانێت!

نەمدەویست هەموو گلەیی و پرسیارەکانی بنووسم، دەمویست لە هەندێکیان خۆم تەریک بکەم. بەڵام چونکە ئێستا خۆی دەینوسێت پێم شەرمە لە حزوری ئەو شتەکان بە لارێدا ببەم. ناچارم پەردە لەسەر نهێنیەکانی نێوانمان رابماڵم. پێشتر نەمدەویست باسی کونە لووت و کونی گوێچکەم بکات، هەرچۆنێک بێت سازشێکمان لەنێو خۆماندا لەو دووبرگەیەش دەکرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەمدەویست باسی ئەو کونە کۆم و داوێنانەی بکردایە کە بە فەرمانی من تێی وەژاوە. یاخود کردنەوەی دوگمەی ئەوبەرۆکانەی کە لەنێویدا بەدوای گۆنا خڕ و دەرپۆقیوەکانی ناو بەرۆکەکە گەڕاوە. من دەمویست تەنها باسی ڕەپ ڕاگرتنی لە کاتی نوێژەکان باس بکردبایە، لێستنەوەکانمی لە کاتی چێژ وەرگرتنی شیلەی هەنگ و ماستی مەڕ و هەڵلوشینی چەوریەکان، قرتاندنی نینۆکەکەی بە ددانەکانم، قدیلکە کردنەوەی تەنگەی هاوڕێیانمی بکردبا سەری باسان. بەڵام لە ڕقی ئەوچەقەنانەی کە بۆ هەڵپەڕکێیە بێسەروبەرەکانی بردنەوەی

دۆڕاوەکان ژەنیومە، لە ڕقی لە قژ نانی هێما درۆینەکانی کە بۆ کچە سەلار و بێدەرەتانەکان کردوومە تا هەڵیان بخەڵەتێنم، لە ڕقی ئەو واژۆیانەی کە نەدەبوو بیانکەم، لە ڕقی نوسینی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر براگەلێکم نووسیومە، لەڕقی ئەو ڕاشەقاندنانەی کە لە ڕووی بێدەسەڵاتەکانەوە شەقاندوومە، لە ڕقی ئەو پلیشانەوانەی ڕۆژانە چەند جارێک خستومەتە نێوان پاژپانی و پێڵاوەکەم، لە ڕقی ڕەنگکردنی نێو ئەو مەرەکەبەی ساڵانە بە هەوەسی گیرفانم ڕەنگم کردوە، لە ڕقی ئەوەی لە جێی پەڕاوێک کردومەتە تەختە وێنەی کچۆڵەکەم. پەردەی لەسەر هەموو ئەو ڕاز و نهێنیانە هەڵدایەوە کە نەدەبوایە بیان درکێنێ. خەریک بووم تکام لێدەکرد، پەنهانەکان بە داپۆشراوی بهێڵێتەوە، کەچی کاتێک پەلاپیتکەی کلاشکۆفەکەی بیرکەوتەوە ئارامی خۆی لە دەستدا و پەنهانەکانی والاکرد. چەند رۆژێکە بۆنێکی ناخۆش دەردەدا، لە سەرەتادا وامزانی بۆنی مەرەکەبی وێنەکەیە، بەلام ئێستا لەلام ڕوون بووەوە لە دەمەقاڵێی نێوانمان گازێکم لێگرت، بۆیە ئێستا بەرامەی نهێنییەکان کاسی کردووم.

**هێمن زەندی**



## من ئاسوودە نیم، من نیشتیمانم نییە

من باوکم نییە! من حەزم دەکرد باوکم هەبێت، بەس چی بکەم نیمە... من دایکم نەخۆشە! من حەزم دەکرد دایکم ساغ بووایە، بەس چی بکەم نەخۆشە... من حەزم دەکرد کتێب بخوێنمەوە! بەس چی بکەم خوێندواریم نییە! من کار دەکەم! من حەزم دەکرد کار نەکەم و بچم بخوێنم، بەس چی بکەم پارەمان نییە...

ئەمڕۆ هیچ نەبێت، دەبێت پارەی ئەو دوو پارچە حەبە پەیدا بکەم، کە دکتۆر بۆ جاری شەشەمە بۆ دایکمی دەنووسێت... ئەوکاتەی چوومە دووکانی جوملە فرۆشەکەی ناو بازاڕی قەیسەری و دەستە بنێشتەکەم بە قەرز لەلای مام باپیر هێنا، بە خۆمم گوت... "تا ئێوارە، قلی لێناهێڵم و هەمووی دەفرۆشم." کەچی دوو هەفتەیە، هەموو بەیانییەک هەمان قسە بۆ هەمان دەستە بنێشت دەکەم...

بە کاوەخۆ لە نێو بازاڕی شاردا دەڕۆم و دەست دەگێڕم...

"خاڵە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

"نامەوێ، سوپاس!"

"دادە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

وێڵم دەکات!

"مامە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

"لاچۆ کوڕە"

"میمی گیان، بنێشتت ناوێ؟"

خۆی بێئاگا دەکات و دەڕوات!

"کاکە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

"ون بە هیچوپووچ"

بە پاڵێک فڕێم دەدات و خواردن دەداتە سەگەکەی دەستی...

دوکان دوکان، دەچمە ژوورەوە، دەست دەگێڕم! بۆ خاتری ئەوەی پارەی ئەو دوو دەستە حەبە پەیدا بکەم، کە دکتۆر بۆ جاری شەشەمە بۆ دایکمی دەنووسێت و نەمتوانیوە بۆی بکڕم، بێچاووڕووم... هەشت دووکانم کرد و هەشت دانەم نەفرۆشت، دانەیەکیشم نەفرۆشت نەک هەشت دانە...

چوومە دوکانی نۆیەم، سەراسیمەی کردم... زیاتر لە شەست چرکە لەبەردەم خۆیدا ڕایگرتم... هەزاران کتێب، کتێب کە تەنها لە خەونەکانمدا بینیوومە... کتێبەکان ڕامدەکێشنە نێو کتێبخانەکە... لەولاترەوە کۆمەڵە ئەسکەمیلێک لە تەنیشتی یەک دانراون... تەنها ئەسکەمیل نییە، مرۆڤیشی لەسەر دانیشتووە... هەمووان

ڕوو لە سەکۆی کتێبخانەکەن و چاویان خستۆتە سەر دەمی ئەو خاتوونەی لەسەر سەکۆکە خەریکی قسەیە... بێویستی خۆم، دەچم لە ڕیزی سێیەمی ئەسکەمیلەکان، تاقە ئەسکەمیلێکی بەتاڵ دەدۆزمەوە، دادەنیشم... منیش چاو دەبڕمە دەمی خاتوونی قسەکەر... بێئەوەی لە هیچ تێبگەم گوێ لە خاتوونەکە دەگرم... ناوەناوەش چاوم دەکەوێتە سەر دەستە بنێشتەکەی دەستم و ئاوڕ بۆ لای ڕاست دەدەمەوە:

خاڵە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

"نامەوێ، سوپاس!"

ئاوڕ بۆ لای چەپ دەدەمەوە:

"دادە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

وێڵم دەکات!

ئاوڕ بۆ پشتەوە دەدەمەوە:

"مامە گیان، بنێشتت ناوێ؟"

خۆی بێئاگا دەکات و گوێ دەگرێت...

ئافرەتی قسەکەری، سەر سەکۆی کتێبخانەکە، بانگی یەکێک دەکات، کوڕێژگەیەکە! لە تەمەنی مندایە! هەندێ شتی لە من دەچێت!

ئەویش دوو پێ و دوو گوێ و دەم و لووتی هەیە! دەست و قاچیش! تاقە جیاوازییەک لە نێوانمان هەیە؛ ئەو دەستە جل و بەرگێکی شیک و جوانی لەبەردایە... قژی شتێکی پێوەیە، نازانم چییە! بەس بەرز ڕایگرتووە و بریقەی دێت! سەیرێکی خۆم دەکەم، بەو جلە شڕە و پرچە شێواوە؛ نەبابە هیچم لە ئەو ناچێت، نا...

کوڕەکە بەخۆ و بە کتێبی دەستییەوە، دەچێتە سەر سەکۆی کتێبخانەکە و لە تەنیشت ئەو خانمە دەوەستێت، کە بانگی کرد... کتێبەکەی دەستی دەکاتەوە و لە بەردەم من و خەڵکەکەدا دەڵێت: "ئەم پارچە شیعرە لە نووسینی خۆمە و بۆتانی دەخوێنمەوە."

منیش دەمەوێت شیعر بنووسم... شیعر بخوێنمەوە... شیعریش نەبێت هەرشتێک بێت، گرنگ بنووسم، بخوێنمەوە...

"ئەرێ بنێشتت ناوێ؟"

"ئەرێ پێنووست پێیە؟"

"ئەرێ کاغەزت لایە؟"

کەسێ وەڵامم ناداتەوە...

کەسێکی دێتە بەرامبەرم، پێم دەڵێت: "ئێرە شوێنی منە، هەڵسە لێرە."

"هەڵناستم... نا... هەڵدەستم، پێنووس و کاغەزێکم پێ بدە، هەڵدەستم."

لە نێو گیرفانی چاکەتەکەی پێنووسێک دەردێنێت و لە گیرفانی پانتۆڵەکەشی کاغەزێک... هەردووکیم پێدەدات... پێمدەڵێت: "دەتەوێت چی بنووسیت؟"

"شیعر!"

"شیعرێک بۆ نیشتیمان بنووسە."

من نیشتیمانم نییە... نیشتیمان هەیە، بەڵام ئاسوودە نیم... ئەو" ڕۆژە گوێم لە خاوەن دوکانی سەری سووچەکە بوو گوتی: مرۆڤەکان ئەوکاتە خاوەنی نیشتیمانن کە ئاسوودەن.

من ئاسوودە نیم، من نیشتیمانم نییە..."

کاغەز و پێنووسەکەی لێوەردەگرم... هەڵدەستم... کەسێکی قات لەبەر دێتە بەردەمم...

"ئەرێ کاکە بنێشتت ناوێ؟"

پشتی ملم دەگرێت و فڕێم دەداتە دەرەوەی کتێبخانەکە...

بۆ خاتری ئەوەی پارەی ئەو دوو دەستە حەبە پەیدا بکەم، کە دکتۆر بۆ جاری شەشەمە بۆ دایکمی دەنووسێت و نەمتوانیوە بۆی بکڕم، بێچاوڕووم، دووبارە دەڕۆم... دەچم بە دوای ئاسوودەیی دەگەڕێم... بۆ ئەوەی کە فێری نووسین بووم، شیعرێک بۆ نیشتیمان بنووسم... ئێستاکە ئاسوودە نیم، نیشتیمانم نییە...

هیوا پشتیوان

**هیوا پشتیوان**




## ڕێسای ٩٩

پاشایەک بە وەزیرەکەی وت: بۆچی خزمەتکارەکەم بەردەوام بە دڵخۆشی دەبینم لەگەڵ ئەوەشدا هەژارە و خاوەنی هیچ شتێک نیە، کەچی من خودانی هەموو شتێکم  بەڵام هەموو کات بێزار و دڵ تەنگم؟

وەزیر وتی: گەورەم ڕێسای **٩٩** تاقیبکەوە!

پاشا وتی: ڕێسای **٩٩** چیە؟

وەزیر وتی: بڕۆ **٩٩** دینار بخەرە نێو باوڵێکەوە و لەبەر دەرگای خزمەتکارەکەت دایبنێ، لەسەر باوڵەکەش بنووسە "١٠٠ دینار دیاری بۆ تۆ" و لە دەرگا بدە و سەیرکە و بزانە چی ڕوودەدا!

بەم جۆرە پاشا ئەوەی ئەنجامدا کە وەزیر پێی وتبوو، خزمەتکارەکەش دەرگاکەی کردەوە و باوڵەکەی بردە ژوورەوە، لێ دواتر کە بینی دینارێکی کەمە، وتی ڕەنگە دینارەکەی تر لە دەرەوە بێ!
پاشان چووە دەرەوە و لەگەڵ خانەوادەکەی تەواوی ماڵەکەیان پشکنی بەڵام دینارەکەیان نەدۆزیەوە.
خزمەتکارەکە تووڕە بوو و هاواری لێ هەڵسابوو لەبەر ئەوەی نەیتوانی بوو دینارەکە بدۆزێتەوە.
بەم جۆرە لە نێو خۆیاندا بووە کێشە و ناکۆکی تەنها بەهۆی ئەم دینارە ونبووە! بۆ ڕۆژی دواتر خزمەتکارەکە بە بێزاری و بیر بڵاویەوە هاتە سەرکار، چونکە نەخەوتبوو و بە درێژایی شەو خەریکی گەڕان بوو بەدوای دینارە ونبووەکە. بۆیە ئەو ڕۆژە بە ڕوو تاڵی و بێ میزاجییەوە چووە لای پاشا بەراورد بە ڕۆژانی پێشوو کە بە خەندی و خۆش ڕووییەوە پێشوازی لە پاشا دەکرد و کار و ئەرکەکانی جێبەجێدەکرد. بەم چەشنە پاشا تێگەیشت ڕێسای **٩٩** مانای چیە....

پەند و وانە: ئێمە لەبیرمان دەچێ خودا بە **٩٩** نیعمەت بەهرەوەری کردووین، بەڵام تەواوی ژیانمان بە پەرێشانی و بێزاریەوە دەگوزەرێنین بۆ گەڕان بەدوای نیعمەتە ونبووەکە و خۆمان لەبیر دەکەین کە لە نێو چ نیعمەتگەلێکی بێ ئەندازە داین.

**نووسینی: د.موحەممەد فەتحی**

**وەرگێڕانی: موحەممەد فەڕحان**

# ئەدەب-پەخشان

# دەنووسم



دەنووسم باش نیم
بەڵام بەهیوام تۆ باش بیت!
دووبارە وەک پیشەی هەموو دەمێکم بیرت دەکەم...
دەشزانم ئەو هەموو بیرکردنە و فرمێسکانە،
تەزوویەکی گەرم بە دڵی چەقبەستووی تۆدا ناهێنێ.
شێتییە چاوەڕوانی لە هاتنی تۆدا،
کە وەک ڕۆژ لێمەوە دیارە نایەییت.
دوای تۆ ئەو بۆشاییەی لەمندا
دروست بوو،
بە هیچ ئادەمییەک پڕ نابێتەوە!
بیرت دەکەم و لێرە نیت.
لێرە نیت تا ببینیت نەبوونیت سەراپامی کردۆتە باخێکی وەریو و تەزیو...
خۆت دەزانیت من هەرگیز لە مردن نەترساوم،
بەڵام ئێستا کە هەست دەکەم و دەبینم تۆ لێرە نییت ترس دەملەرزێنێ...
لە فەراغی تۆدا
پەنجە بەسەر بەرگی ئەو کتێبانە دەخشێنم،
لەو جێژوانەی وەک گوڵ
لە قولایی چاوم دەدرەوشایتەوە
بەدیاری بۆت هێنابووم؛

لەچکەکەت وەک پەڕۆیەکی موقەدەس
هەمیشە لە گەردنم ئاڵاوە...
ئێستا لە هەمووکات زیاتر
بیری بۆنی عەترەکەت دەکەم.
بیری گوڵەکانی سەر ژێر کراسەکەت دەکەم،
کە بە گیانتا خۆیان هەڵدەواسی..
بیری قژە ڕەش و درێژەکەت دەکەم،
کە لەسەر سەرینەکەت بڵاو ببوونەوە
دەمویست پەنجەکانم بە ناو
تاڵ بە تاڵیدا پیاسە بکات.
دەزانم هۆنینەوەی ئەم وشانە،
هەرگیز نائاڵێ لە گەردەنت.
بەڵام من بێچاو و ڕوانە درێژەی پێدەدەم،
وەرس نەبووی لەو بێدەنگییە؟
لێرە نیت گەلێک شت لە وجودم دا گۆڕاوە.
نـائومێدی بەرپەنجەرەی ژوورەکەمی گرتووە.
غەمگینی وەک هەرزەیەکی باب مردە
یەخەی گرتووم لێم نابێتەوە.
ئێستا بمبینە شاکارێک لەتەنهایی
ڕووبارێک لەغەمگینی ڕژاوەتە ناو منەوە.
گەر وجوودت هەبا لێرە چی دەبوو؟
ئاوا ڕۆنەدەچومە ناو ئەو یادەوەریانەی،
پێکەوە درووستمان کردن.
کە ئێستا بە ڕووحی شکاوەوە
بەتەنیا یادیان دەکەم.
گریانێک قوڕگی گرتووم،
گرژیکردوم وەک بڵێی دەمخنکێنێ.
لەودەمەی نیت خوی مەجنونم گرتـووە،
دەمێک قاقا بۆ یادەکانت دەچڕم
دەمێکیش شین  بۆ دووریت.
توڕە دەبم دێنم لەچکەکەت
بە ئاوێکی گەرم دەشۆم و
بە تەنافەکەدا هەڵیدەواسم
تابۆنەکەتی لێبچێ.
کەچی ئیرەیی بەو (با)یەش دەبەم
کە سەما بە لەچکەکەت دەکات.

خۆگریت لێم بێسوودە،
دەتوانم لە هەر کوێ بیت هەست
بە نزیکیت بکەم.

چونکە بۆنی تۆ بە هەزاران جار
شۆردنی لەچکەکەت،
هێشتا لەبەر لوتم دەمێنێتەوە.
دوای تۆ...
گەر ئەم جارە بتبینمەوە
بەتەواوی وجودم دەترژێنمە
ناو بوونمەوە.
بۆ نایەی لە کەلێنێکەوە ببینی
کە چەندە بێ قەرارم بێ تـۆ.
گولاڵە کچ بۆ نایەی ببینی بێ تۆ،
ڕۆژەکانم چۆن وەک پەڕۆییێکی دڕاو بە تەنافی بەدبەختیدا شۆڕبۆنەتەوە...




## ئەم شەو لە پەیامێکدا بۆ مانگم نووسی

"گەر هاتوو لە کەنار دەریا هاواری کردوو گوتی؛ بێزارم لە ژیان!
خەندەیەکی بۆ بکە، فەرمان بە ئەستێرەکان بکە کەئاسمان بنەخشێنن.
تا درک بە هەندێک لە جوانییەکان بکات کە هێشتا ماون"
تکام لێی کرد، گەر هەستی بە تاریکایی دونیا کرد؛
بڕوات تۆزێک لەڕووناکایی چرا و وشە نهێنیەکانمی بۆ پەرش بکا،
تا هەست بە ڕوونکایی ئەوینێک بکات...
لە شوێن دیداری خەمەکان لای تاشە بەردەکەی دەریـا،
پەیامێکم بۆ شەپۆلانی شەو نووسی!
نووسیم: "گەر هاتوو لای دەریا ڕازی دڵ باس بکات. بۆ خاتری پەیامی من،
ڕیتمی ژیانی بۆ ببەستن، ئاوازی میهری بۆ بژەنن."
لەسەر گڵاسی مەیخانە کۆنەکەی خەمان، پەیامێکم نووسی:
"لێرە شەڕابێک نییە بۆ سەرخۆشی ژیان."
لەسەر سەرینی خەواڵووانی خەمم نووسی:
"خۆ مەدزەوە لە خەندە تاڵەکانی ژیان، ئەوانەی دەژین لە نێو ژیان هەمووی خەواڵووی خەمێکن لەقولایی برین."
کۆتا پەیامم لەسەر گوڵە بەیبیوونی بەهاری ژین نووسی،
بە شەونمی سەحەر، کە فەرمودەیەک بوو بۆ ژەنیارانی ژیان کە ئەڵێ:
"تیر بارانیان بکەن بە ڕیتمەکانی نێو ئەلبوومی یادەوەری.
بیکەنە قەڵغانێک ئەو ئاوازانەی کە بە دیاری بۆتان هاتوون.
بیپێکن ئەو خەمانەی کە بۆتان هاتوون لە نێو هەژەندی ژیان."

**لەمیا فاریق**

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزرییە




سەکۆی هزر

گۆڤاری ئەلیکترۆنی